لینا شەمامیان گۆرانییێکی کوردی تۆمار دەکات

لینا شەمامیان سترانبێژی ناسراوی سوریا ، بە ماڵپەڕی سوریا نیوزی راگەیاندوە کە لە ئەلبومە نوێکەیدا سترانێکی بە کوردی تۆمار کردوە.

لینا شەمامیان کە بۆ خۆی ئەرمەنیە و لە وڵاتی سوریا لە دایک بووەو وەک سترانبێژێکی دەنگخۆشەو ناوبانگی زۆری هەیە، پێشتر ئاشکرای کردبوو کە ئەلبومە نوێکەی رەنگاو رەنگە، گۆرانی عەرەبی، کوردی و ئەرمەنی تێدایە.

لینا لە ئەلبومە تازەکەیدا کە لە نۆ تراکت پێکهاتووە، گۆرانی یادلهۆ کە گۆرانییێکی فۆلکلۆری کوردی دەڤەری جزیرەیە گوتوە. هەروەها گۆرانی هەلالی بە زمانی ئەرمەنی تۆمار کردوە.

لینا شەمامیان پەیمانگەی باڵای مۆزیک لە دیمەشق خوێندوە، هەروەها کۆلیژی ئابووری لە ساڵی 2002دا تەواو کردوە وخۆیشی وەک گۆرانییێژ خۆی ناساندوە، یەکەمین ئەلبومی خۆی لە ساڵی 2005دا بە ناوی "ها ئەسمەرل لەوەن" خستۆتە بازاڕەوە، هەروەها ساڵی 2006 خەڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەرگرتوە، هەروەها دووەمین ئەلبوومی خۆی کە ناوی لێناوە "شامات" لە مانگی ئایاری 2007 خستۆتە بازاڕەوە. هەروەها لە وڵاتانی ئەوڕوپادا چەندین کۆنسێرت و ئاهەنگی سازکردوە، بەتایبەتیش لە مانگی ئازاری ساڵی 2009 و 2010 بە بۆنەی جێژنی نەورۆز لە بەریتانیاو فەرەنسا و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی کۆنسێرتی تایبەی بەڕێوەبردوە.

جێی ئاماژەیە کە ئاوازی چەندین گۆرانی کوردی بەتایبەتیش لە هەرێمی جزیرەدا بە پەیڤی کوردی یان بە پەیڤی عەرەبی دەگوترێن و مۆرکی کوردیان پارێزراوە. زۆرێک لە ئاوازی گۆرانیەکانی سوریا لە فۆلکلۆری کوردی و ئەرمەنی وەرگیراون و گۆرانیبێژەکان بە پەیڤی عەرەبی دەیانسترن. ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ سەرکەوتویی هونەری سوریا بەسەر هونەری وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا.

بوونەوەرێکی سەیر لە وڵاتی تایلاند دەدۆزرێتەوە

هەفتەی رابردوو، سەرچاوەکانی هەواڵ لە وڵاتی تایلانددا، رایانگەیاند کە لە دەوروبەری گوندێکی ئەو وڵاتدا بوونەوەرێکی سەیر دۆزراوەتەوە.

بەگوێرەی هەواڵەکان دانیشتووانی گوندێکی وڵاتی تایلاند کاتێک لە دەوروبەری گوندەکەیان پیاسەیان دەکرد، لاشەی بوونەوەرێکی سەیریان دۆزیەوە. هەرچەندە خەڵکەکە سەرسام ببوون، بەڵام لاشەکەیان هێنایەوە گوندەکەیان لەسەر سەکۆیک دایان نا. کاتێک هەواڵەکە بڵاوبۆوە دانیشتووانی گوندەکەو خەڵکانی گوندەکانی دیکەش بۆ بینینی لاشەی ئەو بوونەوەرە رویان لە گوندەکە کرد.

سەرچاوەکانی هەواڵی دەوڵەتی تایلاند ئاشکرایان کردوە کە زۆرێک لە خەڵکی ناوچەکە ئەمە بە دیاردەیەکی سەیر دادەنێن، بەرۆژ هەوڵ دەدەن کە لاشەکەی بە ساردی بمێنێ و شەوانەش مۆمبی بۆ دادەگیرسێنن و بە شتێکی پیرۆزی دادەنێن.

هەرچەندە تا ئێستا لە شێوەی ئەو بوونەوەرە نە دیتراوە، بەڵام پێدەچێ جۆرێک لە ئاژەڵ بێ، یان تێکەڵاوی نێوان دوو ئاژەڵ بێ و بەو شێوەیە هاتبێتە ژیانەوە.

وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێ بوونەوەرەکە قاچ و دەستی لە مەڕ، ورگ و سەریشی لە مرۆڤ دەچێ.

رۆدی ئەلبومی "تازی" بڵاو دەکاتەوە

سترانبێژی دەنگخۆشی کورد **رۆدی** نوێترین ئەلبومی خۆی لەژێر ناوی تازی بڵاوکردەوە.

ئەلبومە نوێکەی رۆدی دە گۆرانی لەخۆ گرتووە، بە ناوەکانی (لەیلا، بەسە، ڤەگەڕە، ناڤێ تە، بەردە، تازی، ئازاد، غەریب، دیسا و شانس)، تێکستی تەواوی گۆرانیەکان رۆدی بۆ خۆی نووسیویەتی، ئاوازەکانیش ئەیهان ئەوجی بۆی ئامادە کردوە.

جێی ئاماژەیە کە رۆدی ساڵی 1978 چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە، یەکەمین ئەلبوومی خۆیشی لە ساڵی 2002دا بەناوی گوڵەکەم مەگری تۆمار کردوە.

لە گۆرانی تازیدا، دەڵێ:' دونیا د دەستی دزانە، فەقیرێ من چ زانە، بێزارەو بێ زمانە. حالێ وی پەرێشانە'

رۆدی لە رێی گۆرانیەکانیەوە دەیەوی ئەو ستەم و نابەرابەریە پێشان بدات کە لە دژی گەلی کورد دا دەکری. هەر لە گۆرانی تازیدا دەڵێ: (ئەڤرۆ یەکی مەهێیە،چارو نیڤی شەوێیە، من د خەونا خۆدا دیت گەلی من ئازاد بویە)

کارەساتی هەڵەبجە لە فیلمێکی نوێدا

بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر بە رۆژنامەوانانی راگەیاندوە کە فیلمێکی سینەمایی هاوبەش لەبارەی کارەساتی هەڵەبجە لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەمای وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێم و دەزگای سینەمای وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئێران بەرهەم دەهێنرێ.

شاخەوان ئیدریس بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر گوتویەتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سینەمای وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێم و دەزگای سینەمای وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئێران فیلمێکی سینەمایی هاوبەش بەناوی "چاری چاپلن" بەرهەم دێنن".

ئیدریس ئاشکرای کردوە کە سیناریۆی فیلمەکە باس لە پیاوێک دەکات کە لە کارەساتی هەڵەبجە جێ دەمێنێ و لە شارۆچکە و گوندەکاندا دەست بەپێشاندانی فیلمەکانی چارلی چاپلن دەکات، لە کۆتاییدا لە داوی خۆشەویستی کچێک دا دەکەوێ".

هەروەها نێچیرڤان شیڤان بەڕێوەبەری بەرهەمی فیلمەکە بە(ئاکانیوز)ی ڕاگەیاندوە ' فیلمەکە کاری وێنەگرتنی تەواو بووە، ئێستە بۆ مۆنتاژ رەوانەی ئێران کراوە'.

شیاوی گوتنە کە رۆژی 16ی ئازاری ساڵی 1988، فرۆکە جەنگیەکانی سوپای عێراق شاری هەڵەبجەیان ژەهر باران کرد. بەوهۆیەوە زیاتر لە پێنج هەزار کەسی سڤیل و لاشەڕ گیانیان لە دەست داو نزیکەی دە هەزاری دیکەش بریندار بوون. ژمارەیەک بریندار کە رەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران کرابوون، لەوێ گیانیان لەدەست داو گۆڕ غەریب بوون، تەنانەت تا ئێستاش دەیان منداڵی بزربوونی هەڵەبجە نەدۆزراونەتەوە.

چەندین رۆمان و چیرۆک لەسەر کارەساتی هەڵەبجە بنووسرێن، چەندین فیلم بەرهەم بهێنرێن، هێشتا ناتوانن خۆیان لە قەرەی گەورەیی کارەساتەکە بدەن.

ژوانگە

چەکی قەدەغەکراو

بەدرێژایی مێژووی سەد ساڵی رابردوو، داگیرکارانی کوردستان چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیان دژ بەشۆرشی رزگاریخوازی گەلەکەمان بەکارهێناوە، دەستیان لە گوندو ئاواییەکانی کوردستان نەپاراستووە، ژن، منداڵ، پیرو پەککەوتەیان خەڵتانی خوێن کردوە، کیمیاوی و ژەهریان بەسەردا باراندوین، بەڵام کەسێک بە هانامانەوە نەهاتووە.

رژێمی بەعس شاری هەڵەبجەو چەندین شوێنی دیکەی ژەهر باران کرد، بەڵام جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا، یەکێتی سۆڤێت و وڵاتانی بەناو سۆسیالیست ورتەیان لێوە نەهات. دوای رووخاندنی رژێمی بەعس ئەوسا هەندێک لە وڵاتان باسیان لەو کارەساتانە کردو وەک جینۆساید ناودێریان کردن. ئێستا سەرچاوەکانی هەواڵ دەڵێن کە فرۆکەکانی تورکیا چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیان دژ بە گوندەکانی بناری قەندیل بەکار هێناوە، بەڵام جیهانی سەرمایەداری و بەرژەوەندخواز نقەی لەخۆی بڕیوە. هەندێک بڵاوکراوەی کوردستانیش خۆیان لەو جۆرە هەواڵانە دەبوێرن و ئاماژەیان پێناکەن.

ئێستا تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا بەبەرچاوی جیهانەوە گوندو ئاواییەکانی هەرێمی کوردستان بۆردومان و بۆمباباران دەکەن، بەڵام ئەمریکای بەرژەوەندخوازو جیهانخۆر لەژێر لێوانیشەوە باسیان لێوە ناکات. چۆن کاتێک رژێمی بەعس چەکی قەدەغەکراوی دژ بە کوردستانیان بەکار دەهێنا، خەڵکی سڤیل و لاشەڕی رەوانەی چاڵەکانی مەرگ دەکرد، کەچی وڵاتانی جیهان چاویان دادەخست و لەژێرەوەش پڕ چەکیان دەکردو هاوکاریان دەکرد. ئێستا کە گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزرێتەوە جل و بەرگی ژن و منداڵی کوردیان تێدا بەدیار دەکەوێ کە چی هێشتا هەندێک هێزو دەوڵەت خۆیان نەبان دەکەن. ئەوەی بەعس و داگیرکارانی دیکە لە رابردوودا دژ بە کوردستانیان ئەنجامیان دەدا، ئێستا رژێمی تورکیا لەسەردەمی جیهانگیری و ئینتەرنێتدا بێباکانە ئەنجامی دەدات، چەکی قەدەغەکراو دژ بە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کورددستان بەکاردەێنێ. خەڵکی سڤیل و لاشەڕ رادەگوێزێ و هەندێک جاریش بە دزیەوە بە کۆمەڵ گوللەبارانیان دەکات. تا ئێستا چەندین گۆڕی بەکۆمەڵ لە تورکیادا دۆزراونەتەوەو تەرمی گەریلایان تێدابووە، ئێستا ئاوارەکانی قەندیل پێویستان بەوەیە لەسەریان بێنە دەنگ، دوایی چ سودی هەیە کە بگوترێ رژێمی تورکیا لە فلانە شوێن چەکی قەدەغەکراوی بەکارهێنا!

کاروان رەشید